پرۆژەی: کتێب باشترین هاوڕێیە-٧-

# چاوشارکێی فیلەکان

نووسینی: شاخەوان عەلی مامۆکی



ناوی کتێب: چاوشارکێی فیلەکان
بابەت: چیرۆکی منداڵان
نووسەر: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی
پێداچوونەوە:مامۆستا( شێخ سەربەست بەرزنجی)
تایپ:سەباح حاجی عەلی شەناغەیی
سەرپەرشتی زانستی: مامۆستا (ئەبوبەکر شوان)
تیراژ: ١٠٠٠دانە
چاپ: یەکەم-٢٠١٢
چاپخانە: بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری - هەولێر



لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (٨٧٣)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێی دراوە

# پێشەکیەکی زۆر کورت

* ڕزگار ئیسماعیل مەسیفی*

گومان لەوەدا نییە چیرۆکی منداڵان جیهانێکی بەرفراوانە، مرۆڤی مێرخاس و جوامێری گەرەکە لەو مەیدانەدا شەن و کەوی خۆی لەگەیاندنی پەیامێکی ڕاست و دروست بکات بەجۆرێ ئامانجەکان خزمەتکردنبێ بەو نەوەیە کە داهاتوویان لەسەر بینا دەکرێ و کۆمەڵگا بەپەرۆشەوە لەچاوەڕوانی گەورەبوون و پێگەیاندنیانە، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە دەبێ بەبایەخەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەین و بزانین چۆن گۆشیان بکەین، بزانین چۆن دڵیان ڕازی بکەین بەو کۆمەڵگایە ڕازی بن و بۆ ئایندە ببنە ئەو ئەندامە کارا و کاریگەرەی بەپەرۆشەوە هەمووومان چاومان تێ بڕیون.

هەر خزمەتێك بە جگەرگۆشەکانی گەلەکەمان جێی ستایشە بەتایبەت ڕاهێنان و پەروەردەکردنیان بەو خەسڵەت و سیفەتە جوانانەی هەمیشە هەموومان بە ئیشقەوە بۆی دەڕوانین و حەز دەکەین بەردەوام لە ژیاندا کەسایەتیەکی دیار و بەرچاو و کاریگەریان هەبێت.

ئەوەی لەدووتوێی ئەم نامیلکەیەدا بەرجەستەکراون هەموویان نیشاندانی ئەوەیە چۆن ڕاستگۆبین؟ چۆن دژی ستەم بوەستین؟ چۆن ببینە مەشخەڵهەڵگری پەیامی برایەتی و پێکەوە ژیان و خۆشویستی نیشتمانەکەمان، هەڵبەتە ئەم نامیلکەیە زۆر هەڵدەگرێ، وەلێ ئەوەندە بەسە دەستخۆشی لەکاکی نووسەر بکەین و بڵێین: خەرمان بەرەکەت، خامەت بەبڕشت بەئومێدی چاوەڵێنانی بەرهەمی زیاتر و پوخت تر.

# ڕێزگرتنی گیانلەبەران




**دەگێڕنەوە کۆمەڵێك گیانلەبەر لەدارستانێکی بچووك پێکەوە دەژیان، هەموویان دڵخۆش و بەختەوەر بوون، خۆشیەکەیان لەوەوە بوو: گەورە و بچووك ڕێزی یەکیان دەگرت، ئەمەش وایکردبوو هەموو لایەك یەکتریان خۆش بوێت، هەروەها دوور لە رق وکینە بەیەکەوە دەژیان.. لەهەموو ئەمانە خۆشتر کە ببووە مایەی بەختەوەری ئەو گیانلەبەرانە، ئەوە بوو کەناوە ناوە بەدیارییەکی بچووك یەکتریان بەسەر دەکردەوە. کەروێشك دەیوت: بە بەخشینی دیاری خۆشەویستی نێوانمان زیاد دەکا با ئەو دیارییە بچووکیش بێ.**

سمۆرە گیان دەیوت: دیاری وامان لێ دەکات هەمیشە ئەو کەسەمان لەبەرچاوبێ، هەر کاتێ دیارییەکەمان بینی ئەو کەسەمان بەبیر بێتەوە.
فیل*دەیوت:ئەوەی وایکردووە هەموومان بەختەوەربین ئەوەیە یەکێ ناخۆشیەکی بەسەربێ سەردانی دەکەین، دڵی دەدەینەوە و ئەوەی لەتواناماندابێ هەریەکە بەدیاریەك بەسەری دەکەینەوە.
ڕۆژێکیان هەموویان کۆبوونەوە، کەروێشك وتی: چی دەڵێن ئەم بەهارە پێکەوە بچینە سەیران؟
هەموان بەیەکەوە وتیان: جا لەوە باشتر چییە کەش و هەوایەك بگۆڕین.
سمۆرەی برا بچووکیان وتی: بەگەشتکردن ئاسۆی بیرمان فراوان دەبێ وشارەزایەکیش لەدەوروبەرمان پەیدا دەکەین.
فیل وتی: بەگەشتکردن تێدەگەین کە ئەم دونیایە چەند مەزن و گەورەیە و خوای پەروەردگار چۆن دروستی کردووە.
مام کەروێشکی زۆرزانیش وتی: دەی کەوایە با هەریەکە لەلای خۆیەوە شتێك ئامادەبکات، بەیانی سەیران دەکەین.
بەیەکجار کەوتنە چەپڵەلێدان... ئەو ڕۆژە ئەوەی چووەوە ماڵ شتێکی ئامادە کرد..بەیانی هەموویان پێکەوە بەرەو کەنارە ئاوێك بەڕێکەوتن.
هەر گەیشتنە کەنارە ڕووبارێك کە بەدەیەها داری زل زل سێبەریان لەدەوروبەری خۆیان دروست کردبوو، بەڵام شتێك ئەوانی هەراسان کرد.. ئەویش شوێنەکە زۆر پیس بوو بەهۆی خۆڵ وخاشاکی پاشماوەی سەیرانی ڕۆژانی پێشتر، بۆیە بڕیاریاندا بەهەرەوەزی

شوێنەکە پاك بکەنەوەو باروبنەیان دانێنن. کەباروبنەیان پەرت وبڵاو بوونەوە، هەندێ بۆ مەلەکردن چوونە تەنکایی ڕووبارەکە و هەندێکی دیکەیان چوون دوو تیپیان پێکهێنا و کەوتنە تۆپ تۆپێن.. ئەوانەیشی چووبوونە ساڵەوە و پیر ببوون لەجێوە لەسەر ڕایەخ دانیشتبوون،بەدەم باس وخواسی دونیاوە سەرقاڵی قسە کردن بوون.

بەرە بەری نیوەڕۆ خوانیان بەجۆرەها خواردن رازاندەوەو بەخۆشیەوە دەستیان بەنانخواردن کرد، پاشان لێی کەوتنەوە بەزم ورەزمی خۆیان.. ئەوەی چۆوە مەلە و ئەوەی تۆپ تۆپێن و ئەوەیشی حەزی لێبوو بخەوێ ئەوە لەژێر سێبەری دارەکان لێی خەوت.



خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیی، پیرەفیل بەدەنگێکی بەرزەوە ڕووی کردە گیانلەبەران و وتی: دەی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە خۆمان خڕکەینەوە و وردە وردە بەرەو ماڵ شۆڕبینەوە.

هەموویان لەدەوری پیرەفیلی برا گەورە گردبوونەوە. ورچ وتی: خاڵۆ گیان چی خڕکەینەوە؟ ئەوەی هێنامان، هەموویمان خوارد.

پیرەفیل وتی: مەبەست ئەوەیە ئەو شتانەی لێرە کەوتوون و ئێرەیان پیس کردووە، ئەو شتانە هەڵگرینەوە و بەپیسی لێرەیان بەجێ نەیەڵین.

سمۆرەی برا بچووك وتی: گەورەم چۆن بەیانی ئێرەمان پاككردەوە با ئەوانەی دوای ئێمەش وەکو ئێمە خاوێنی بکاتەوە، چی تیایا..؟

پیرەفیل وتی: ئەوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە ئەگەر ئێمە وەکو ئەوان بیر بکەینەوە کە لە شوێنێك دادەنیشن و دواتر دەڕۆن و ئەو شوێنە بەپیسی بەجێ دێڵن کەواتە وەکو ئەوان دەبین، بۆیە کەسێ پاك بێ، دەبێ کە چووە هەر شوێنێ، ڕێز لەو شوێنە بگرێ وبەپاکی ڕایبگرێ.

کەروێشك هاتە قسەو وتی: ئەگەر هەر کارێك گرانبێ ئەوە بەهەرەوەزی ئاسانە، دەی با هەریەکە لەجێوە شتێ هەڵبگرێتەوەو هەر گوتمان سێ ودوو، هەموو شتەکانمان هەڵگرتۆتەوە، دەی بکەونە خۆ، دەی دەست بەکاربن.

هەر هەموویان کەوتنەخۆ و ئەوێیان خاوێن کردەوە، ئەوجا هێدی هێدی بەدەم گۆرانی گوتنەوەو بەدڵخۆشی بەرەوماڵەوە گەڕانەوە.

* * *

**بۆ زانیاریت:**


**فیل(٣٢) ددانی هەیە،بەڵام فیلەکانی ئەفریقیا تەنها (٤)ددانیان هەیە لەکاتێکدا فیلی ئەفریقی(٤)مەتر درێژە و بارستایی(١٢)تەن دەبێت ئەوەش گەورەترین زیندەوەری وشکانی سەر ڕووی زەوییە.*

**لەماوەی(٢٤)کاتژمێردا تەنها(٤)بۆ(٥) کاتژمێر دەخەوێ.*

**ئەگەر مێروو بچێتە ناو گوێی دەمرێت.*

**ئەگەر بەپێوە بمرێت ئەوە بەپێوە دەمێنێتەوە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێ، واتا: ڕاستەوخۆ ناکەوێتە سەر زەوی.*

# شێرێکی کەللە ڕەق




برای خۆم گوێم بۆ هەڵخە، دەڵێن: شێرێکی منجڕی کەللە ڕەق هەبوو، سروشتی بیرکردنەوەی وا خوڵقابوو هەر قسەیەکی بکردایە ئەگەر قسەکەیشی هەڵەش بووایە لێی پەشیمان نەدەبۆوە، تەنانەت بۆ سەرخستنی قسەکەیشی، ئامادەبوو شەڕی ئەم و ئەو بکات.

ڕۆژێکیان لەنێو باخچە گەورەکەی کۆشکی پادشایەتی دا ئەسپ و وشتر و فیلێك لەگەڵ شێرپادشا پێکەوە دانیشتبوون، قسە هاتە سەر باسی کەللە ڕەقی و ئەوانەی قسەیەك دەکەن ئەگەر هەڵەشبێ لێی پەشیمان نابنەوە.

سەرەتا ئەسپەکە وتی: من ئەمە بەهونەر نازانم یەکێك چ قسەیەکی کرد، با قسەکەیشی تەواو نەبێ ئەوجا قسەی خۆی پێ ڕاستبێ.
وشتر وتی: ئەگەر بەئەقڵ بیرمان کردەوە هەڵە ناکەین..ئەو کەسە هەڵە دەکات کە ئەقڵی لەدەست بدات و ئەقڵ بەکار نەهێنێ، ئاخر کەی ڕەوایە ماست سپیبێ و من بڵێم ڕەشە و لەقسەکەیشم پەشیوان نەبمەوە.
فیل وتی: بەبۆچوونی من ئەو کەسەی پەنا بۆ شەڕ ببات بێ ئەقڵە، نەخاسمە شەڕکردن لە سەر قسەییەکی بچووکی بێ مانا کە ئەو قسەیە هیچ بەهایەکی نییە.
لەو دەمەتەقێیە دابوون گورگێگ هات، دوای سڵاوکردن، بەبێ دەنگی لەتەنیشت فیلەکە دانیشت و گوێی هەڵخست بزانێ لەکۆشك چ باسە، لەو ئان و ساتە لەدوورەوە ورچێکی ڕەشی زل و زەبەلاح بەرەو ئەو دەوروبەرە هەنگاوی دەنا.
شێرپادشا ڕووی کردە وشتر و دەستی بۆ ورچە زەبەلاحەکە درێژ کرد وتی: ئەگەر قسەمان لەو بارەوەبێ، ئاخۆ ئەو گیانلەبەرەی بەرەو ڕوومان دێ من دەڵێم پشیلە کێوییە، تۆ دەڵێی چی؟
وشتر بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: قوربان ئەگەر ئەقڵ بەکاربێنین بۆمان دەردەکەوێ ئەوە هەرچییەکبێ تەنها پشیلە کێوی نییە، چونکە ئەگەر بەجوانی لێی ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێ ڕۆیشتنەکەی بە ڕۆیشتنی پشیلە ناچێ و گەورەییەکەیشی نیشانەیەکی دیار و زەقە کە ئەو گیانلەبەرەی بەرەو لامان دێ ورچە نەك پشیلە.

شێر ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و ڕووی کردە فیلەکە، وتی: فیلۆ من دەڵێم ئەوە پشیلە کێوییە، تۆ چی دەڵێی؟

فیلەکە بەهەڵپەیەکەوە وتی: ئەگەر بۆ سەلماندنی قسەکانمان پەنا ببەینە بەر شەڕ ئەوەش نیشانەی بیٚ ئەقڵیمانە و من وەکو خۆم باوەڕم بەشەڕ نییە، ئەو گیانلەبەرەی بەرەو لامان دیٚ جگە لە ورچێکی زەبەلاح، هیچی تر نییە.



شێر نەختیٚ چاوەکانی نایە سەریەك وەکو ئەوەی بیر لەو بابەتە بکاتەوە، کە چاوەکانی کردەوە، ئەوجارەیان ڕووی لە ئەسپەکە کردو وتی: ئەی تۆ وەکو ئەم فیل و وشترە پێتوایە ئەوە ورچە لەکاتێکدا من بەباوەڕێکی تەواوەوە دەڵێم پشیلە کێوییە؟

ئەسپەکە وتی: قوربان زۆر شت وەکو ڕۆژی ڕووناك دیارە و پێویست بەگفتوگۆ ناکات، ئاخر ئەوە دیار و بەرچاوە کە ورچە، چۆن دەکرێ بڵێم: پشیلە کێوییە، منیش وەکو ئەوان دەڵێم ئەوە ورچە و ورچ.

شێر ئاخێکی هەڵکێشا، سەیری پێ دەهات چۆن قسەیەك ئەو بیڵێ، ئەوان قسەی لەقسە دەکەن و قسەی ئەو ناسەلمێنن، ناوچەوانی گرژ کرد بەنیمچە تووڕەییەکەوە وتی: گورگ تەنها تۆ ماوی ئەو پرسیارەت ئاڕاستە بکەم، لەم بارەیەوە تۆ چی دەڵێی؟

گورگەکە زانی شێر بەو وەڵامانە ناڕەحەتە، بەبزەیەکەوە وتی: منیش هەمان ڕای تۆم هەیە، ئەگەر ئەو گیانلەبەرە بەقەد فیلیشبێ من وەکو تۆ دەڵێم پشیلە کێوییە.

شێر ڕووی کردە وشتر و وتی: تۆ وتت ئەگەر ئەقڵ بەکاربێنین بۆمان دەردەکەوێ ئەوە هەرچییەکبێ پشیلە کێوی نییە، بەقسەی تۆبێ واتا من بێ ئەقڵم.

کە پەلاماریدا، قاچی وشتری زامدار کرد، وشتری بەستەزمان هەر بەهەڵەداوان ڕایکرد و ئەو ناوەی بەجێ هێشت.


ئەوجا شێرپادشا ڕووی کردە فیلەکە و وتی: تۆش وتت ئەگەر بۆ سەلماندنی قسەکانمان پەنا ببەینە بەر شەڕ ئەوە نیشانەی بێ ئەقڵیمانە، من باوەڕم بەشەڕ نییە، بەو قسەیەی تۆبێ من بێ ئەقڵم و شەڕانگێزیشم.

پەلاماری فیلەکەیدا، قەپێکی لەقاچی ئەویشدا و ئەویش بەڕاکردن تێی تەقاند.

ئینجا ڕووی کردە ئەسپەکە و وتی: تۆش وتت زۆر شت هەن وەکو ڕۆژی ڕووناك دیارن پێویست بەگفتوگۆ ناکات، ئاخر ئەوە دیارە ورچە چۆن دەکرێ بڵێم پشیلە کێوییە، جا ئەو قسانەی تۆ نیشانەن دەتەوێ پێمبڵێی: بەڵێ من بێ فەرمانیت دەکەم.
کە لێی مڕ بۆوە، ئەسپەکە تێیتەقاند و ئەو ناوەی بەجێ هێشت.
شێر ڕووی کردە گورگەکە و وتی: ئەی گورگ تۆ چۆن ئەو قسەیەت کرد، ئایا لەخۆتەوە بوو یان بەئەقڵ بیرت کردەوە؟
گورگەکە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: من ئەگەر بمەوێ لەگەڵ تۆ بژێم و بەسەرۆکی خۆمت بزانم ئەگەر تۆ بڵێی ماست ڕەشە، دەبێ منیش بڵێم ڕەشە، خۆ لەو قسەیەی کردت وتت ئەو گیانلەبەرە پشیلەکێوییە، من وەکو ئەوانە سووڕ دەزانم ورچە و پشیلە نییە، بەڵام تەواو هەر قسەکەی تۆ ڕاستە کە وتت پشیلە کێوییە و قسەکانت گفتوگۆ هەڵناگرن، ئەوەی وا بەرەو لاماندێ پشیلە کێوییە.
شێر لەویش داڕسا وتی: تۆش بەکەڵکی من نایەی.
پەلاماری ئەویشی دا و توند قوڕگی گرت نەیهێشت ڕابکات، ڕێك خنکاندی.
ئەوجا نەختێ سەری لێ بادا و وتی: ئەی گورگی ماستاوچی نۆ لەو کەسانە بووی دەتویست بەو قسانەت هانم بدەی لەسەر خراپە بەردەوام بم.



# ڕەوە كوللە



ئای چەند شوورەییە مرۆ درۆ بكا، نەخواستمە گیانلەبەرانی بیٚ زمان، بۆیە پیٚویستە خۆمان لەدرۆ بەدوور بگرین هەمیشە هەر ڕاستگۆبین با ئەو سەربووردەتان بۆ بگیٚڕمەوە، دەڵیٚن: ڕەوە كوللەیەك هەبوو، بۆ پەیداكردنی خۆراك لە شویٚنیٚكی دوورەوە هاتن لەنیٚو دەغلٚ و دانیٚ سەرچاوەیان گرت كە خاوەنەكەی تازە بە تازە درەوی كردبوو گەنمەكەی بە داس دووریبۆوە.

كوللەكان لەنیٚو ئەو دەغلٚەدا تووشی كۆتر و چۆلەكە و ژووشك و مارمیٚلكە و بۆق و جورج و شەمشەمە كویٚرە بوون.


ئەوانە كە چاویان بەو سوپا زل و زەبەلاحە كەوت وا بەو ناوەدا وەربوونە و دەست دەكەن بەخواردنی گوڵە گەنمی نیٚو پەریٚزەكە، ترسیان لیٚ نیشت.

کولله گەورەی کوللان هاتە پێش و فەرمانی بە کوللەکاندا هەموویان لەجێی خۆیان بووەستن.. هەموویان لەجێوە وەستان، ئەوجا ڕووی کردە ئەو گیانلەبەرانە و پێی وتن: دەی وەرنە پێش ئیشم پێتانە.

هەموویان بەترس و لەرزەوە لێی چوونە پێش، بەبێ دەنگی لەبەردەمی وەستان و بەشەرمەوە سەریان هەڵبڕی.

کوللەی پێشەوا وتی: من بۆ ئەوە هاتوومەتە ئێرە تا پێتان بڵێم دەبێ لەمەودوا هەمووتان لەژێر فەرمانی مندابن، من هەر فەرمانێکم پێدان نابێ لەقسەم دەربچن.

کۆترەکە لەبەر خۆیەوە وتی: پاك و بێگەردی هەمیشە بۆ خوای پەروەردگار، ئای کە ڕۆحلەبەرێکی چەند عەنتیکەن، بزانە بزانە چۆن دروست کراون.



پێشەوای کوللەکان وتی: ئەوە چ مینگە مینگتە، بۆ ئێمە هێندە سەیرین؟

کۆترەکە بەدەنگێکی بەرزەوە وتی: وااای کە سەرت ڕێك لەسەری ئەسپ دەچێ.

چۆلەکەکە لەو لاوە وتی: دەنا ملیشت ڕێك لە ملی گا دەچێ.
ژووشك وتی: شاخەکانت کت و مت وەکو شاخی مار وایە.
مارمیلۆك وتی: باڵیشت وەك باڵی هەڵۆیە.
جورج وتی: سنگیشت لە سینگی شێر دەچێ.
شەمشەمە کوێرە بەچاوی کزییەوە وتی: سکت وەك سکی دووپشکە، ئاخۆ دەبێ حیکمەت لەو شتە سەیرانە چیبێ وا هەمووی لە ئێوەدا کۆبۆتەوە؟ قادر یاڕەبی!
پێشەوای کوللەکان دایە قاقای پێکەنین و بۆ لەخشتەبردنیان، بە هەڵپەیەکەوە وتی: ئەو شتانە باستان کرد هەموویان تەواو و ڕاستن، هەڵبەتە ئەمە بۆ ئەوەیە هەر یەك لەو گیانەوەرانەی باستان کرد ئەگەر ڕوو بەڕوومان بوونەوە بۆ نموونە کە دەڵێن سنگت لە سینگی شێر دەچێ، ئەوە سەرەڕای بچووکیمان، هەر شێرێك بمانبینێ خۆیمان لێ لادەدا، ئەوەتە ڕۆژێکیان شێرێکی زل و زەبەلاح لێم هاتە پێش، چەندی پێموت: حەز ناکەم خۆت لەقەرەم بدەیت و تکایە لێم دوورکەوە وامەزانە بچووکم، کەچی هەر وازی لێ نەهێنام، منیش ڕقم بۆوە نەمکردە نامەردی لێی چوومە پێش و بەو بچووکیەی خۆمەوە شێرەکەم لەت و پەت کرد، کورد گوتەنی: گندۆرە بەڕەنگ نییە.
بەو قسانەی هەموویان بەجارێ ترسیان لێی نیشت، لەبەر خۆیانەوە وتیان: ئەوانە بەو بچووکییەوە دەرەقەتی شێر بێن، ئەوە ئەگەر پەلاماری ئێمە بدەن زۆر بەئاسانی دەمانفەوتێنن.

کۆترەکە بە زمانێکی شل و شۆقەوە وتی: باشە بۆچی سەرت وەکو سەری ئەسپە، ئەوەیان مانای چییە؟
پێشەوای کوللەکان هەر خۆی وەڵامی دایەوە و وتی: ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئێمە وەکو ئەسپ لە غاردان خێراین، یەکێ بیەوێ لەدەستمان قوتاریبێ ئەوە بە ئاسانی دەگەینە سەری و دەیگرین.



بەو قسانە هێندەی دیکە ترسان، هەر زوو کۆتر و چۆلەکە و ژووشك و بۆق خۆیان بەدەستەوەدا و وتیان: ئێمە خزمەتکارین، هەرچییەك ئێوە بیڵێن لەقسەتان دەرناچین.
پێشەوای کوللەکان وتی: ئەوەی مەبەستمە پێتانی ڕابگەیەنم ئەوەیە دەبێ دەم و دەست ئەم شوێنە چۆڵکەن و بارکەن و بڕۆن چونکە سوپاکەمان لەشەڕێکی گەورە هاتوونەتەوە زۆریان برسیە و ڕەنگە بەو دەغڵە برسێتیان دانەکەوێ، کەی تێر بوون ئەوە ئێوە دەتوانن لە پاشماوەی ئەم گەنمە بخۆن.

ڕووی خۆیان وەرگێڕا بڕۆن لەو کاتەدا ژووشکێکی برسی بەهەڵاداوان خۆی کرد بە نێو دەغڵەکەو ڕۆیشت، کە ئەو گیانلەبەرانە ئاوەڕیان لێی دایەوە بەدەم پاڕانەوە پێیان وت: تکایە بگەڕێوە خۆت بەکوشت مەدە ئەو سوپایە سەر و بنی دیار نییە ئەگەر پەلامارت بدەن لەت و پەتت دەکەن.

ژوشکەکە وتی: من برسیمە و سکی برسی لە هیچ ناپرسی.

پێشەوای کوللەکان بەدەنگێکی بەرزەوە بەسەریدا قیڕاند و وتی: دەی خێرا ئێرە جێ بێڵە تانەمانکردووی بە پەندی زەمانە ئێرە موڵکی ئێمەیە کەس بۆی نیە بێپرس بێتە ناوی.

ژووشکەکە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: من لێرە ناڕۆم خاك خاکی خوایە ئەگەر ئەم عەردە بۆ تۆ ڕەوایە، شتی تێدایە بخۆی ئەوا بۆ منیش رەوایە.

پێشەوای کوللەکان وەکو ئەوەی بیترسێنێ بازێکی زلی بەرەو لای هەڵدا کە لەتەنیشتی کەوتەوە ژووشکەکە بەهۆی برسیەوە یەکسەر پەلاماری داو خواردی ئەوجا بەخۆشیەکەوە وتی: بەڕاستی خواردنێکی بەلەززەت بوو.

گیانلەبەرەکان بەو دیمەنەی بینیان، چاویان زیت بوو کاتێ کوللەیەکی دیکەیان بینی لە ژووشکەکە هاتە پێش و نەیهێشت ئەویش لە ئاسمانەوە بێتە خوارێ، پەلاماریدا و خواردی.

گیانلەبـــەرەکان ترســـیان شـــکاو ڕووی خۆیـــان وەرگێـــڕاو کەوتنـــە پـــەلاماردانی کوللـــەکان ئیـــدی ئـــەوی کەوتـــە بەردەســـتیان خواردیـــان ئەوانەی تریش هەڵاتن، بەڵام چۆن هەڵاتنێك.


بـۆق بـەدەم خـواردنی کوللـەوە دەیـوت: بەڕاسـتی خـواردنێکی خۆشـە، بزانە  ئەو کوللەیە ئەو هەموو درۆیە چی بوو کردی، خۆ بەو درۆیانە خەریك بوو زراومان ببا و ئێرەمان پێ چۆڵ بکەن.

لـەو ڕۆژەوە خـواردنی بەشـێکی بـۆق و جـورج و ژووشـك و مارمێلکـەو شەمشـەمەکوێرە و چـۆلەکە بۆتـە خـواردنی کوللـە و لـە خـواردنی ئـەم کوللانە تام و چێژ وەردەگرن.

*   *   *



# ستەم



لەمەملەکەتێکی گیانلەبەراندا دوای ئەوەی شێرپادشایان دەمرێت، گورگ و چەقەڵ و کەمتیار*بەنوێنەرایەتی تەواوی گیانلەبەران کەوتنە گەڕان و سووڕان شێرێکیان دۆزییەوە، لێی چوونە پێش و پێیانوت: قوربان فەرموو پێشمان بکەوە، ئێمە پادشامان مردووە هاتووین تۆ لەجیاتی ئەو بکەینە سەرۆکمان.

شێرەکە نەختێ سەری هەڵکڕاند و وتی: ئەگەر ئێوە پشتگیریم نەکەن من بەتەنها هیچم پێ ناکرێ.

پێیان وت: تۆ بەس فەرمان بدە و بڵێ ئەو ئیشە دەکەم، ئیتر هەقت بەسەر هیچەوە نەبێ بۆخۆمان کارەکان ڕادەپەڕێنین.

شێریان دایە پێش خۆیان و هێنایان، کە لە گۆڕەپانی نێو کۆشکەکە نزیک بۆوە، بەجارێ ئەو حەشاماتە زۆرە وەکو ئاماژەییەك بۆ بەخێرهاتنی، دەستیان کرد بە چەپڵەڕێزان و سەری ڕێز و حورمەتیان بۆی دانواند.

شێرەکە لەناخەوە بەخۆی وت: هەبێ و نەبێ من زۆر گرینگم، دەنا ئەو پێشوازیە گەرمە چییە لێمی دەکەن.

کاتێکیش لەناو ئاپۆرای گیانلەبەران دا چوو لەسەر تەختی پادشایەتی دانیشت و بەخۆشحاڵییەوە کەوتە نەماشاکردنی ئەو حەشاماتە زۆرە.

کە سیخناخ بوو لە تەژی ئاژەڵان، گورگ دەمی بردە بنا گوێی شێر و وتی: گەورەم دەکرێ بەم بۆنەوە چەند پەیڤێکی کورتیان پێشکەش بکەی، ڕەنگە بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە حەز بکەن گوێیان لەدەنگتبێ.

شێر نەختێ سەری بۆ بادا و وتی: ئاخر خۆم ئامادە نەکردووە چییان بۆ باس بکەم؟

چەقەڵ بە بزەیەکەوە لێی چووە پێش و وتی: هەندێ باس لە پێکەوە ژیانی گیانلەبەران بکە و تەواو با وابزانن تۆ هەموو شتێکی.

شێریش لەجێوە هەستا، ڕووی تێکردن و هەموان داهاتنەوە گوێیان بۆ ڕادێرا بزانن چی دەڵێ، بەدەنگێکی نەسازەوە وتی: وەکو پادشای ئەم مەملەکەتە کە متمانەتان بەمن داوە، لێرەوە سوێند دەخۆم و پێتان ڕادەگەیەنم بەدادپەروەری حوکمی ئەم مەملەکەتە بگێڕم و هەمووان بەیەك چاو سەیر بکەم، تەنانەت جیاوازی لەنێوان گەورە و بچووك و بەهێز و بێ هێز نەکەم، بۆیە دەبێ لەبەردەم یاسادا هەموومان وەکو

یـەکیبین، لەئێستایشـەوە دەرگـام کـراوە و لەسـەر پشـتە هـەر کـاتیٚ ویستتان دەتوانن بێنـە لام  بمبینـن و منـیش بەخۆشحاڵییەوە گویٚ لـە داواکانتان دەگرم.

بـەجاریٚ بـوو بەفیکەلێـدان و چـەپڵەڕێزانێك ئەوسـەری نەبێتـەوە، شـێر ئەو دیمەنەی بینی هێندەی دیکە سەرسام بوو، لەخۆشیا لکاوی لـەدەم دەچۆڕا.



تـا چـەند هەفتەیـەك دەرگـای شـێر لەبـەردەم گـەورە و بچـووکی ئـەو مەملەکەتە کراوەبوو، هەر یەکیٚ بچووبایەتە لای و کێشـەیەکی هەبوایـە گوێی بۆ دەگرت و کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکرد بەمەش کات ناکات و جەم و ناجەم لەخزمەتی هەمووواندا بوو.

کەمتیار لە دەرفەتێکدا چووە ژێر باریی شێرو وتی: گـەورەم نـاکریٚ تـۆ ئەوەنـدە گیانلەبـەران ببینـی، ئەگـەر وابـڕوات نـەدەتوانی حـوکمی ئـەو مەملەکەتە ببەی بەڕێوە ، ئەوانەی دێنە لات ئەگەر زۆر وریا نەبیت بۆی هەیە دەست غەلەتت بدەن و لەخشتەت ببـەن، پێشنیاز دەکـەم تـاوەکو

بەپیرۆزی بمێنییەوە، دەرگا لەسەرخۆت دابخە و کەس مەبینە، لە دوورەوە ئیش و کارەکان ببە بەڕێوە.
شێر خۆی تێکنەدا وتی: جا کورسی حوکم پیرۆزییەکی ئەوتۆی هەیە تا من ئاوا بکەم، ئەگەرمن کەس نەبینم ئەی ئیشی من چییە؟
گورگەکە وتی: گەورەم دەبێ سامت لەبەرامبەر هەمووان هەبێ هەمووان لێت بترسن.
شێرپادشا وتی: ئەگەر بمانەوێ یاسا بەرقەرار بکەین و دادپەروەری بچەسپێنین نابێ کەس لێمان بترسێ.
چەقەڵ نەختێ لێی چووە پێش و وتی: ئەگەر دەتەوێ تا سەر لەسەر ئەم کورسیە بمێنییەوە نابێ ئەوەندە بیر لە یاسا و دادپەروەری بکەیتەوە، چونکە دادپەروەری واتلێدەکات زوڵم و ستەم نەکەی، واتلێدەکات نەتوانی پەلاماری ئەم و ئەو بدەیت و پشتگیری لەوانە بکەیت سەر بە جەنابت و تۆ خۆشت دەوێن و ستەمیان کردووە.
شێرپادشا نەختێ لەقسەکانی چەقەڵ وردبۆوە ئەوجا وتی: ئاخر ئەوە بۆ من نەختێ دژوارە.
کەمتیار بە پێکەنینەوە وتی: نا بەم شێوەیە نییە وەکو تۆ تێیگەیشتووی، تۆ کە بەچەپڵەڕێزان پێشوازی بکرێی، تۆ کە ئەوەندە قسەزان و زیرکبی ئەوەندە بەهێز و بیر فراوانبی ناکرێ خۆتان بچووک بکەنەوە ئەوە چییە لەخەمی ئێمەدان دەبێ شەو و ڕۆژ دەرگاتان لەسەرپشت بێ، بەقسەمان بکەی زەرەر ناکەی، بەقسەمان بکە ئەو

دەرگایە لەسەرخۆت دابخە و لەپشت پەردەوە فەرمان بدە و ئێمە جێ بەجێی دەکەین.
شێرپادشا وتی: ئەگەر من لەناو خەڵکدا نەبم چۆن بتوانم فەرمان دەربکەم؟
گورگ وتی: ئەوە بۆ ئێمە لێگەڕێ ئێمە دەزانین چی دەکەین.
بەو قسانە شێریان لە خشتە برد بەو داوایە ڕازیبێ.
گورگ و چەقەڵ و کەمتیار ئەوەیان بەدەرفەت زانی لەو ڕۆژەوە بەکەیفی خۆیان حوکمی گیانلەبەرانیان دەکرد و چ شتێ بەمێشکیان دابهاتایە ئەوە یاسا بوو بە شێرپادشاوە جێ بەجێیان دەکرد، جەور و ستەم پەرەی سەند، بەهێز پەلاماری بێ هێزی دەدا، تەنانەت ئەگەر یەکێك بۆ سکاڵای دەردی دڵی نزیکی کۆشك بکەوتایە ، گورگ و چەقەڵ و کەمتیار لێی نەدەگەڕان و بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لەو دەوروبەرەیان دوور دەخستەوە.
هەر کاتێ شێرپادشا بیپرسیایە: ئەرێ بارودۆخی گیانلەبەران لەچی دایە و بۆ هیچ سکاڵایەك نابینم بێتە لام؟
بە خۆشحاڵیەوە پێیان دەوت: قوربان لەسایە و سێبەری حوکمی بەڕێزتاندا هەمووان بە ئارامی و ئاشتی دەژێن، کەس گلەیی نییە و هەمووان نزای خێرت بۆ دەکەن.
شێرپادشا وتی: منیش هەروام دەوێ.
زوڵم و ستەمی دارو دەستەی شێرپادشا سنوورەکانی تێپەڕاند وایلێهات گیانلەبەران کەس نەبوو گوێیان لێ بگرێ بەناچاری

هـــەموویان کۆبوونـــەوە و خۆپیشـــاندانیان بـــەرپا کـــرد، بەدەیـــەها دروشمیـــان بـــەرز کـــردەوە لـــە دروشمـــەکانیان داوای یەکســـانی و دادپەروەریان دەکرد، داوایان دەکرد بابەسبیٚ زوڵم و ستەم ڕابگریٚ.

کـاتیٚ شیٚرپادشـا لـە دوورەوە چـاوی بـەو حەشـاماتە زۆرە کـەوت لـە چەقەڵی پرسی: ئەو خۆپیشاندانە چییە، لەسەر چیەو چیان دەوویٚ؟

چەقەڵ وتـی: قوربـان هـەمووان کۆبوونەتـەوە تـا سوپاسگوزاری خۆیـان ئاڕاستەی بەڕیٚزتان بکەن.

شـیٚر لەناخـەوە کـەیفی پـیٚ دەهـات، کـە باسـی ئەوەشـیان بـۆی کـرد خەڵکیٚك یاخی بوونە، وتـی: ئـەوەی لەگـەڵمان نـەبیٚ دوژمنمانـە و دەبـیٚ لەناویان ببەن.

بـەو قسـانە چەوسـاندنەوەی ئـەم و ئـەو هیٚنـدەی دیکـە زیـادی کـرد تـا ئـــەنجام زانیـــان کـــەس نییـــە گویٚیـــان لـــیٚ بگـــریٚ، هـــەموویان لـــە گردبوونەوەیەکـــدا ڕاپـــەڕین، پـــەلاماری کۆشـــکی شیٚرپادشـــایاندا و حوکمەکەیان گۆڕی.

لە دادگایکردنیٚکی ئاشکرادا شیٚر دانی بەهەڵەکانی دانا و وتی: ئەگەر گورگ و چەقەڵ و کەمتیار وایان لەمن نەکردایە قەت ئەوهام لیٚ بەسـەر نـەدەهات، ئـەوەی دەمـانگۆڕیٚ چـەپڵەلیٚدان و بەسـەرداگوتن و نـەدیتنی خەڵکە ئەوەش وایلیٚکردم بگۆڕیٚم و کورسی حوکم تا هەتایە بدۆڕیٚنم.

* * *

*( کـەمتیار لـە کـەم دیـارەوە هـاتووە.. دەگیٚڕنـەوە دەڵـیٚن: لـە کـەمتیاریان پرسـی بۆچـی تـەنها بەشەو دەردەکەوی؟ ئەویش لەوەلأمدا وتی: لەبەر ئەوەی کاری ڕۆژم باش نییە)

# بۆق و ڕێوی



هەبوو نەبوو ڕێوییەك هەبوو کولانکەیەکی لە تەنیشت گۆمە ئاوێکەوە دروست کردبوو، ڕۆژانە دوای گەڕان و سوڕان کە نێچیرێکی ڕاو دەکرد، لەگەڕانەوەیدا لەنێو کولانەکەی سەرخەوێکی باشی دەکرد و کاتێکیش لەخەو ڕادەبوو، هەڵدەستا خۆی دەگەیاندە گۆمە ئاوەکە و ئاوی لێ دەخواردەوە، گومەکە گۆمی بۆقان بوو کەچی ئەو ڕێوییە جگە لەوەی کە ئاوەکەی دەخواردەوە، وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆی، بەبۆقەکانی ڕادەبوارد و گاڵتەی پێ دەکردن، ئەوجا لە جێوە بەردێکی دەستدەدایێ و دەیوت: بزانم دەستم ڕاستە یان نا؟

بەردەکەی بەرزدەکردەوە و بۆ یەك لەبۆقەکانی ناو ئاوەکەی دەهاویشت، ئەگەر بەردەکەی بەر هەر بۆقێك بکەوتایە یەکسەر

بۆقەكەی دەكوشت و بۆقەكەی سەرئاو دەخست، ئەم كارەی ڕێویەكە بووبووە پیشەی رۆژانەی و ڕۆژ نەبووبۆقێك دوان بەبەرد نەكوژێت، یەك لە بۆقەكان پێی وت: ڕێوی باشە خێرت دەگاتێ وەكو لە گۆمی ئێمە ئاو دەخۆیتەوە ئەوجا بەردمان تێدەگری و دەمانكوژی، ڕێویەكە بەدم پێكەنیەوە دەیوت: وەڵلا هەر بۆ هەوا و هەوەس ئەم كارە دەكەم، چونكە بەم كارە دڵخۆش دەبم.

بۆقەكە كە وتی: ئاخر كەی كوشتنی ئێمە مایەی هەواو هەوەس و گاڵتەجاڕییە؟ تكایە واز لەم كارە خراپە بێنە و بەرۆكمان بەردە.

ڕێویەكە بە شێنەیی پێیوت: من لەبەر ئەوەی دەرەقەتتان دێم بۆیە وا دەكەم ئێوەش چیتان لەدەست دێت، درێغی مەكەن و بیكەن.

بۆقەكە پێیوت: باشە ئەی ئەوە گوناه نیە كە دەستت دەڕوا زوڵم دەكەی؟ ئاخر دەبێت ئەو راستیەش بزانی هەر كەسێ ستەم بكات دەبێ سزای ستەمەكەی وەربگرێتەوە چونكە خوای گەورە زوڵم قبوڵ ناكات.

ڕێویەكە بەو قسەیە بەری دڵی گیرا، لە ڕقان تەماشایەكی دەوروبەری خۆی كرد و داهاتەوە، دەستی بۆ بەردێك درێژكرد هەڵیگرتەوەو تێی گرت، بۆقەكەی كوشت و بۆ هەتا هەتایە بێ دەنگی كرد، بەو دیمەنە بۆقێكی دیكە لە ڕێویەكە پەست و تووڕەبوو وتی: ڕێوی ئاخر لەبەرچی بەرۆكمان بەرنادەی بۆ خۆمان بژێین، چما ئەوە پاداشتی ئەو چاكەیەیە دەماندەیتەوە لەكاتێكدا لەگۆمەكەماندا ئاو دەخۆیتەوە؟

ڕێویەکە دایە قاقای پێکەنین و وتی: دەزانی پێ دەچێ تۆش ئەجەلت بەدەستی من هاتبێ.

دیسان چاوی بەو دەورەبەرە گێڕا بەردێکی دۆزییەوە، بەردەکەی هەڵگرت و تێیگرت

ئەویشی کوشت، بۆقێکی دیکە لەژێر ئاوەکەوە سەری هێنایە دەر وتی: ئەگەر ئێمە بۆقی مەرد بین دەبێت تۆڵەی خۆمانت لێبکەینەوە.

ڕێویەکە هێندە پێکەنی لەسەرپشت کەوتە سەر زەوی، کە ڕووی بەلای ئەو بۆقەیش وەرگێڕا وتی: جا ئێوە خۆتان هەن تا تۆڵەی خۆتان بکەنەوە؟ کورد دەڵێ: جووجکە چ خۆی هەیە تا چەلاویشی هەبێت، نەختێك سەری بادا و وتی: ئێستا تاقەتم لەبەر بڕاوە دواتر دوو قسە لەگەڵ تۆش دەکەم.



ڕێوی ڕووەو کولانەکەی گەڕایەوە و ڕۆیی، بۆقەکان هەموویان هاتنە سەر ئاوەکە و کەوتنە تەگبیرکردن ئاخۆ چی بکەن و چی نەکەن؟ چۆن کارێکی وا بکەن تۆڵەی خۆیان لەو ڕێویە بەدنمەکە بکەنەوە، وتیان:

ئەگەر ڕێوی هەر جارێ بێتەسەر ئەو گۆمە و ئاو بخواتەوە یەکێ دوانمان لێ بکوژێ ئەوە کەسمان بەزیندوویی نامێنین هەر هەموومان لەناو دەچین.

بۆقێکی چورچی بچکۆڵەی زیرەك لەناویاندا، وتی: ڕاستە من لەهەمووتان بچوکترم بەڵام ژیری بە گەورەیی و بچوکی نییە، ئەگەر ئەو قسەیەم لێوەردەگرن فەرموو وەرن باپێکەوە ئەو کونەی لەم کانیەدا ئاوەکەی لێهەڵدەقوڵێ با هەر بەو بەردانەی ئەو ڕێویە تێی گرتووین ئەو کونە بگرین، بایی هێندەیش دەرفەت بدەین ئاوەکە بێتە ناوەوە تا بۆخۆمان لەناویدا بمێنینەوەو نەهێڵین دەمی ڕێوی بگاتێ، بەم کارە دەتوانین تۆڵەی خۆمانی لێ بکەینەوە.

بۆقەکان قسەکەیان پەسند کرد و وتیان: بەڕاستی قسەیەکی بەجێیە و دەمت خۆش، باوابکەین، دەنا تا ئەو ئاوە لەسەر ئەو کانیە بڕوات ناتوانین هیچی لەگەڵ بکەین دەی با دەست بەکاربین.

بۆقەکان هەموویان نوقمی ژێر ئاوەکە بوون و هەموو بەردەکانی ئەو ڕێویەیان خڕکردەوەو کە تێیگرتبوون کونە گەورەکەی ژێر کانیەکەیان پێ گرت تەنها ئەوەندەیان لێ هێشتەوە بەئاستەم ئاوەکە بێتە دەرەوە بۆ ناو گۆمەکە، بەمەش ئەو ئاوەی لەسەر کانیەکە دەڕۆیشت کەمی کرد تا وردە وردە ئاوەکە بۆ خوارەوە لەکورتیدا و ئاوەکە دابەزی.

ئێوارەیەکیان ڕێویەکە چونکە زۆری گۆشت خواردبوو لەگەڕانەوەیدا تەواو تێنوی بوو کە لەکانیەکە نزیك بۆوە سەیری پێهات ئاوەکە کەم بۆتەوە، نەختێ داهاتەوە دەمی بۆ ناو کانییەکە شۆڕکردەوە، دەمی

بەئاوەکـە نەگەیشـت ونـەیوێرا چـیتر دەمـی بـۆ خـوارەوە شـۆڕکاتەوە چونکە ترسا بکەوێتە نێو گۆمەکە نەتوانێ بێتە دەرەوە و بخنکێ.
بەهەڵپەیەکـەوە ڕووی کـردە بۆقـەکان و وتـی: دەسـتم دامێنتـان گـەلێ گۆشتم خواردوە و زۆرم تێنووە، تکایە نەختێ ئاوم بدەنێ بیخۆمەوە.
یەك لەبۆقەکان وتی: چییە دەتـەوێ لـەجیاتی ئـەوەی پێمـان ڕابوێری و گاڵتـەمان پێبکـەی، دەبیـنین وا دەپاڕێیتـەوە، لـەبیرت چـوو، هـەر تـۆ نـەبووی هـەموو جـارێ دەهاتیـە دیـار ئـەم کانییـە و ئـاوت لێـی دەخواردەوە ئەوجا دەستت دەدایە بەرد و بتێتدەگرتین و دەتکوشتین؟



ڕێوییەکـە بـە پاڕانـەوە ڕووی تێکـردن وتـی: توخـوا بەئـەقڵی مـن مەجوولێنەوە، ئەوەی من کردم هەڵەیەك بوو چیتر دووبارەی ناکەمەوە، بـەڵێنتان پـێ دەدەم چیتر کـاری وا نابـەجێ نەکـەم، دەی بگەنـە فریـام خەریکە لەتوێنان بخنکێم.


بۆقەکە وتی: ئەوە با بۆتۆ ببێتە پەند ئەگەر لە کانییەك ئاوت خواردەوە بـەردێ تـێ مەهاوێـژە، خـۆ ئێمـە دەتـوانین بـەو ئـاوەی لـەژێر دەستمانە تۆڵەی خۆمانت لـێ بکەینـەوە بـەڵام وەکـو تـۆ بیر ناکەینـەوە ئێسـتا کـە دەستمان دەڕوا و بەدەسەڵاتین وەکو تۆ ستەم ناکەین.

هـەر ئـەو بۆقـە ڕووی کـردە بۆقـەکانی دیکـە و وتـی: دەی هـەر ئێسـتا بـەردەکانی بـەر ئـەو کونـە ئـاوە لابـدەن بـا ئاوەکـە بەسـەر کانیەکـە سەرکەوێ و ئەو ڕێوییەش لە توێنان با نەخنکێ، بەخشندەیی تەنها بۆ خوا باشە و هەر کەسێ بەخشندە نەبێ، خوای گەورە بە بەندەی خـۆی لەقەڵەم نادا.

بۆقـەکان بەجارێ بـەرەو قـوڵایی کانیەکـە ڕۆیشتن و بـەردەکانیان لەبـەر کوونەکە لادا، بەمەش ئەوەندەی نەبرد ئاوەکە بەسـەر کانیەکـە کـەوت و ڕێویەکەش تێر تێر لە ئاوەکەی خـواردەوە و سوپاسـی بۆقـەکانی کـرد: داوای لێبوردن لـەئێوە دەکـەم، تکـا دەکـەم بمبەخشـن و تـا مـاوم دەبمـە هاوڕێی ئێوە و چاکەتان ژ بیر ناکەم.

* * *

# چاوشارکێی فیلەکان



هـەبوو نـەبوو بەچـکە فیلێکـی چکۆڵە  و لـووت بـەرز هـەبوو، سـەرەڕای بچووکی ، سیفەتێکی خراپی هەبوو، هەمیشە خۆی بەگـەورە دەزانـی و بەدەگمەن تێکەڵی فیلەکانی هاوتەمەنی دەبوو، تەنانـەت بەشداری لـەو یاریانــەیش نــەدەکرد کــە ئــەوان ئــەنجامیان دەدا، ئەگــەر دوو فیلــی ببینیایـە دەچـن بەگـژ یەکـدا و شـەڕ دەکـەن، لـەجیاتی بچـێ لێکیـان

بکاتــەوە و ببێتــە ناوبــژیوان ئاشــتیان بکاتــەوە، بــە خۆشــحاڵییەوە لــەدوورەوە تەماشــایانی دەکــردن و پێیــان پێدەکــەنی، خــۆ ئەگــەر بیزانیایە ئەوە نێوانی دوو فیل خۆشە و ڕێزی یەك دەگرن، لەناخەوە ئیرەیی پێ دەبردن و هەرگیز چاوی بەو فیلانە هەڵنەدەهات کە لەناو فیلەکان خۆشەویست بوون.

چەند ڕۆژێك بەناو فیلەکان هات و چوو، شتێکی نەبینیٚ دڵی خۆش بکات، لە تەك گاشەبەردێك دانیشت و بیری کردەوە چۆن کارێکی وابکات کێشە بۆ فیلە هاوتەمەنەکانی دروست بکات هەرنا نەهێڵێ بەئیسراحەت بخەون، گەلێ خەیاڵی سەیر سەیری کرد تا بیرۆکەیەکی بەمێشك داهات، کە ڕاست بۆوە، بەپەلە خۆی گەیاندە لای فیلەکانی هاوتەمەنی و وتی: هاوڕێیان بیرم کردەوە، بڕیارمداوە چیتر خۆم لەئێوە بەدوور نەگرم، حەزدەکەم لەیەکەم یاریدا هەمووتان لەگەڵمدا بەشداربن.

بەیەك دەنگ وتیان: جا حەزت لە چ یارییەکە تا ئێمە ئەو یارییەت لەگەڵدا بکەین.


فیلە لووت بەرزەکە وتی: حەزدەکەم بەیەکەوە بچینە ناو دارستان لەوێ بۆ خۆمان چاوشارکێ بکەین.

فیلەکان دڵیان نەشکاند و وتیان: دەی تۆ چۆنت پێ خۆشە ئێمەیش ئەوە دەکەین.

فیلەکان یەکسەر لە ڕاز و نیازی تێگەیشتن، دەیانزانی ئەو ئیشەی فێڵە و شتێکی لەبن سەرە، کەچی کەوتنە دوای، ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا فیلەی

لووت بەرز لەتەك دارێکی پان و درێژ وەستا، بە زەردەخەنەیەکەوە ڕووی کردە فیلەکان و وتی: دەبا یارییەکە لێرە ئەنجام بدەین، ئامادەبن  ئێستا من چاوەکانم دەنووقێنم و ئێوەش خۆتان حەشاردەن، ئەوجا هەتا (١٠) دەژمێرم کە چاوم کردەوە دەکەومە دواتان تا دەتاندۆزمەوە.

فیلەکان چونکە دەیانزانی دوورکەوتنەوە و چوونە شوێنێکی ئاوا دوور، بێ هۆ نییە، هەر هەموویان ڕێککەوتن بچنە شوێنێکی دیاریکراو و لەوێوە یەکسەر ڕێ و ڕێ بەرەو ماڵەکانیان بگەڕێنەوە.



فیلە لووت بەرزەکە ڕووی خۆی وەرگێڕا بەدیوی دارە زلەکە و دەستی بە چاوییەوە گرت و دەستی بە دارەکەوە نووساند، ئەوجا بەهێواشی کەوتە ژماردن و وتی:

یەك..دوو..سێ..چوار..پێنج..شەش..حەوت..هەشت..نۆ..دە.

که چاوی کردەوە، کەسیانی لەو دەورووبەرە نەبینی، بەخۆشی لەبەر خۆیەوە وتی: قەت لەوە باشتر نابیٚ هەندیٚ ئەزیەت و ئازاریان بدەم، تۆ بلێی لەو هەمووە فیلە چەند فیلیٚ بزر نەبن؟ واباشە ڕیٚ و ڕیٚ بۆ ئەو شوێنە بگەڕێمەوە کە لێیەوە هاتم و با ئەوانیش هەر چاوەڕوانبن بچمە سەریان و لەو شوێنەی خۆیانیان لێی شاردۆتەوە تا بیاندۆزمەوە.

کەوتە ڕیٚ، لەبەر زۆری ئەو ڕێیانەی لەنێو دارستانەکەدا بوو، سەری لیٚ شێوا، نەیدەزانی لەکام لاوە هاتووە، ڕێیەکەی بزر کرد، چەند ئەملا و ئەولای کرد نەیتوانی بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی سەرەتا لێیەوە هاتبوو.. ئەوەندەی بەملا و بەولا هات و چوو، شەوی بەسەر داهات، چونکە بچووك و بەتەنیا بوو زۆر ترسا ئەگەر بخەوێت ڕەنگە لەناکاو دڕندەکانی دارستان پەلاماری بدەن و بیخۆن، بەناچاری چووە سەر گاشەبەردێکی زل کە بەسەر ئەو دەوروبەرەی دەڕوانی و کەوتە چاودێری ئەو دەوروبەرە، تاوەکو بەیانی لەترسان نەکەوتە خەو.

فیلە بچووکەکانی هاوتەمەنی بۆ بەیانی کۆبوونەوە وتیان:ناکریٚ بە ئەقڵی ئەو فیلە لووت بەرزە بیر بکەینەوە، لە کاتێکدا سووڕ دەزانین هەمیشە بەوە دڵخۆش دەبیٚ کە ببینیٚ ئێمە قسە لەگەڵ یەك ناکەین و دژ بەیەك دەوەستین، بۆیە ئەوانەی خراپەمان دەرهەق دەکەن پێویستە بەچاکە وەڵامیان بدەینەوە، دەی با بکەوینە خۆ و بە هانایەوە بچین.

بەکۆمەڵ کەوتنە خۆ و چوونە ناو دارستان، گەلیٚ گەڕان و سووڕان، لێرە بۆ ئەویٚ زۆر ماندوو بوون تا فیلۆی لووت بەرزیان دۆزییەوە.

فیلەی بچووك و لووت بەرز  هەستی بەپەشیمانیەکی زۆر کرد و وتی: هەر ئێوە لەمن باشترن، داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، من خراپەم دەرهەق کردن و بەنیەتێك ئێوەم هێنایە ئێرە کێشەتان بۆ دروست بکەم کەچی ئەو چاڵەی هەڵمکەند بۆ خۆم کەوتمە ناوی.

فیلەکان دایانە قاقای پێکەنین و وتیان: کەس بەدوورکەوتنەوە و گۆشەگیری قازانج ناکات، کەسیش قازانج ناکات لەوەی بەینی ئەم و ئەو تێکبدات، ئەوە ئێمە لێمانبووری و بۆ لەمەودوا هەر کاتێ حەزت کرد دەتوانی بێیتە لامان و لەگەڵماندا یاری بکەی.

فیلەی لووت بەرز  بەو هەواڵە زۆر دڵخۆشبوو، سوپاسی کردن و هەموویان بەخۆشحاڵییەوە گەڕانەوە ئەو شوێنەی لێی هاتبوون. لەو ڕۆژەوە فیلەی بچووك وازی لە لووت بەرزی هێناوە و ڕێزی گەورە و بچووك دەگرێ وەکو فیلەکانی دیکە یاری دەکات و بە خۆشی هاوڕێکانی دڵخۆشە و ببینێ دوو فیل بەشەڕ دێن دەچێتە نێوانیان و ئاشتیان دەکاتەوە، ئەو فیلە بە جۆرێ گۆڕا، هێندە مەحبووب بوو بوو کە هەموو فیلەکان بە گەورە و بچووکەوە خۆشیان دەویست.

* * *



# مار و مارمیلۆك



هەبوو نەبوو لە تیرەی مارمێلکەدا *مارمێلکەیەکی سەرەڕۆی بزێوی بەجووڵە هەبوو،  هەر لەخۆڕا حەزی دەکرد سەر بەگشت کون و کەلەبەرێك دابگرێ و شتەکانی ئەو دەوروبەرە بزانێ چییە.

ڕۆژێکیان لێرە بۆ ئەوێ، هەر ڕۆیشت تا کاتێکی زانی گەیشتە زەردە مارێك.. لە دوورەوە زەردە مارەکە پێی وت: هێێێێی

دەزانی ئەگەر تۆ ئەو قاچانەت نەبووایە وامدەزانی لە تیرەی خۆمانی و سەر بەخۆمانی!

مارمێلکەکە وتی: جا کێ دەڵێ هەر بەڕاستی ئێمە خزمی یەك نین بەڵام ئەوەندە هەیە یەکتر ناناسین ئێ خۆ خزماتیش بەوەوە خۆشە هاتووچۆمان لەبەینبێ و یەکتر ببینین و لەگەڵ یەك قسە بکەین ئەگینا کەی ئەوە خزماتیە نە یەکتر ببینین و قسە لەگەڵ یەك نەکەین و یەکدی نەدوێنین!

زەردە مار وتی: دەزانی زۆر سەیری، ئەوەندەی تەماشات دەکەم جگە لەوەی زۆر بچووکی، ئەی باشە درێژی ئێوە چەندە؟

مارمێلکەکە وتی: ئێمە هەموومان درێژیمان هەر ئەوەندەیە و لەوە زیاتر گەورە نابین.

زەردە مار وتی: کەواتە تۆ سەر بەئێمەنی، دەوەرە بزانم....

لەو کاتەدا چەند مارمێلکەیەك پەیدابوون، لەدوورەوە پێیان وت: مارمێلکەی بچووك نەکەی لەو مارە نزیك ببیەوە ئەوە دوژمنە، دوژمن هی ئەوە نییە لێی نزیك ببیەوە.

زەردەمارەکە بەخێرایی بەرەو مارمێلکەکە ڕۆیی پەلاماری بدات و بیخوات.

**مارمێلکەکان وتیان: دەی مارمێلکەی بچووك دەی بەپەلە کلکت بقرتێنە.**

**مارمێلکەکە خێرا کلکی خۆی قرتاند و هەڵات.. مارە زەردەکە سەیری بە کلکەکە هات ، کلکەکە سەرنجی ڕاکێشا ئاگای لە هەڵاتنی مارمێلکەکە نەما چی لێهات، تەنها سەیری کلکەکەی دەکرد ئەوە لە جووڵەیەکی توند دایە و زیاتر لە پێنج خولەك دەجولێتەوە.**

**مارمێلکەی بچووك گەڕایەوە ناو مارمێلکەکان، کە سەیری خۆی دەکرد بێ کلك ماوەتەوە گەلێ خەفەتی خوارد، ئەمەش وایلێکرد پێی شەرم بوو بچێتە لای هاوڕێکانی و لەگەڵیاندا یاری بکات، بەڵام ئەوەی دڵی خۆش کرد هەستی کرد وردە وردە کلکی دێتەوە تا بەتەواوی کلکی هاتەوە، ئەوجا چووە ناو هاوڕێکانی و دەستی کردەوە بەیاری کردن لەگەڵیاندا، کاتێکیش باسی ئەو دوورەپەرێزیەی خۆی بۆ کردن، مارمێلکە گەورەکەیان وتی:**

**کلك قرتاندن نیعمەتێکە خوای پەروەردگار پێی بەخشیوین، ئامۆژگاریتان دەکەم ئەگەر کەوتنە بەر پەلاماری هەر مار و باڵندەیەکەوە بەخێرایی هەڵسن بەپچڕانی کلکتان تاوەکو ئەو**

کلکــە ببێتــە پاروویــەکی چــەور و دەرخــواردی گیانلەبــەرە پەلامارددەرەکـەی بدەن بەمـەش سـەرقاڵی دەکـەن و بوارتـان بـۆ دەرەخسیٚ یەکسەر ڕابکەن و خۆتان بشارنەوە.

هــەر هــەموویان وتیـان: ژیـان ئەوەیـە ئەگـەر بمانــەویٚ خۆمـان لەپــەلاماری گیانلەبــەران بپـارێزین، دەبــیٚ پــەنا ببەینــە بــەر بڕینەوەی کلکمان.

* * *

مارمیلۆك- مارمیلۆق- مارمێلکە- پیس پیسۆك



# مشكه لەخۆ بردووەكان



هەبوو نەبوو، مشكێك هەبوو، لەدوورگەی بەرمۆدەدا* چاوێكی ساغ و ئەویتری نابینا بوو، سەرەڕای تەمەن درێژی خۆی، كاتێك سەرۆكەكەیان لەنێو دەچێ، وەكو بەتەمەنترین مشكی ئەو دورگەیە بە سەرۆكی مشكانی هەڵدەبژێرن.

مشكی نابینا گەلێ هەڵپەرست و خۆپەرست بوو وایدەزانی كە بووە سەرۆك ئیدی هەرچی لەم مەملەكەتەدا هەیە دەبێ هەمووی موڵكی ئەوبن، بۆیە تا پێی كرا بەدزی و بەئاشكرا لە داهاتی مشكەكانی دەبرد و بۆ خۆی هەڵدەگرت، زۆر چاوچنۆك

بوو حەزی دەکرد لەماوەیەکی کەورتدا ببێتە خاوەنی هەموو شتێ، یانی هەروەکو کورد دەڵێ:لەپڕێ ببێتە کوڕێ.
بەماوەیەکی کورت  دەوڵەمەند بوو، چاوچنۆکیەکەی وایلێکرد بوو چاوی بەو دەوڵەمەندیەی هەڵنەدەهات حەزی دەکرد لەوە زیاتر و پتری هەبێت، هەمیشە دروشمێکی کردبووە بنێشتە خۆشەی سەر زاری خۆی، لەبەر خۆیەوە دەیووت: یان هیچم نەبێ یا هەموو شت، با هەموو شت هی منبن.
بەجۆرێ تەماشای دونیای دەکرد،زۆر جار لەناخەوە خۆی دەدواند و دەیوت: ئەگەر ژیانم خۆشبوو بۆ من ئەوە کێشە نییە با ئەوانیتر هەر لەناخۆشیدا بژێن، دەبێ کارێکی وابکەم مشکەکان بەخۆشی نەژێن، چونکە ئەگەر باروبژێویان باشبوو ئەوانیتر کەس ناکەوێتە دوام و گوێڕایەڵم نابێ.
بە دزیەوە فەرمانی بە دارودەستەکەی دەدا بچنە بازاڕ، بازاڕ قۆرخ بکەن و بەئارەزووی خۆیان گەمە بە دابەزین و بەرزکردنەوەی کەل و پەلەکان بکەن، بەمە لە ماوەیەکی کەم دا تەواوی خۆراکی ئەو دووڕگەیە کەوتە ژێر دەستی چەند مشکێکی سەر بە مشکی نابینا.. ئەوانیش گرانیان داهێنا، لەو گرانیەدا مشکانێك هەبوون لەبرسا ناتۆپین.. مشکانێك هەبوون

لەدەروونەوە پاك و بێگەرد بوون کەچی لەبرسان ڕوویان کردە دزی و بەناچاری هەڵیان دەکوتایە سەر ئەو کونە مشکانەی بیزانزانیانە خۆراکی لێیە سەرەنجام کار بەوە گەیشت شەو نەبوو مشکێك و دووان نەکوژرێن، تەنانەت گرانیەکە بەشێوەیەك درێژەی کێشا، ئەوەی دانەوێڵەی هەبوایە لەترسی هەڵکوتانە سەریان لەلایەن ئەم و ئەوەوە تا بەیانی نەدەنووستن و بەدیار خواردنەکەیانەوە پاسەوانەتیان بۆ دەگرتن.

دار و دەستەی مشکی نابینا لە هیچیان کەم نەبوو تەقەی سەری دەهات و گاڵتەیان بەوە دەهات ئەگەر یەکێك بیوتبایە من برسیمە، دەیانوت: ئەوەی کار نەکات ناخوات، بڕۆن بۆ خۆتان بگەڕێن شتێ بدۆزنەوە و بیخۆن.

ئەگەر مشکێك بیوتبایە: ئێوە دەسەلاتدارن، ئێوەن بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو گرانیە و قووتی ئەو خەڵکە دەدزن.

ئەوانیش بێ خۆ شێڵوو کردن دەیانوت: ئێمە لە خەمی ئێوەداین، چی دەکرێ لە کاتێکدا هەر چوار دەورەمان دوژمنە.

مشکی سەرکردە و دارودەستەکەی وایاندەزانی دونیا شامی شەریفە، تا دەهات قەڵەو دەبوون، ئەمەیش وایکرد ڕقی مشکە برسیەکان ئەستوور ببێ، بە ناچاری لێیان هەڵسان و ڕاپەڕین

کە دەسەڵاتیان گۆڕی ، گەنجینەی مشکی نابینایان شکاند خۆراکێکی زۆری تێدا هەڵگیرابوو، زەخیرەیان هێنا لە نێو خۆیان دابەشیان کرد.. ئەوجا بڕیاریاندا لەشوێنی مشکی نابینا و ستەمکار، مشکێکی دیکە بکەنە سەرکاری خۆیان، مشکێکی دانایان هەڵبژارد، مشکی دانا پێیوتن : بۆ ئەوەی لێم ڕازیبن، لە ئێستا چ داهاتێکم هەیە هەموویتان بۆ ئاشکرا دەکەم تاوەکو دوو ڕۆژێتر بزانن چیم هەبووە و چیم هاتۆتە دەست، ئەوەیشی لێم زیاد بوو بە دڵنیاییەوە بەسەرتانی دابەش دەکەم. تکاکارم ئیتر دزی و گزی و یەکتر کوشتن و پەلاماردانی یەکدی بنبڕ بکرێ، دەمەوێ دوورگەکەمان وەکو بینایی چاوتان خۆش بوێ، ئێستا و ڤێگاڤێ کە گرانیە و ئازوقە هێندە نییە، نابێ هەموومان بمرین دیارە ئەو خۆراکەی لەبەر دەستە بایی هەموومان ناکات هەقە هەندێکمان لەپێناوی هەندێکی دیکەماندا خۆی بکاتە قوربانی.

مشکەکان بەیەك دەنگ وتیان: ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی.

مشکی دانا ڕووی تێکردن و وتی: دەمەوێ هەمووتان بەختەوەر بژین هیچ مەبەستێکم لەم قسەیەدا نییە ئەگەر دەتانەوێ داهاتووتان باش و خۆشبێ فەرموو چاوم لێبکەن

ئێستا لە پێناو مانەوەی مشکێکی تر تا خۆراکەکەی من بخوات لەپێش چاوتان خۆم فڕێ دەدەمە ناو ئەو دەریایە بۆ ئەوەی بخنکێم ئەوە مەردایەتی و خزمەتە، لێتان دەپاڕێمەوە ئێوەش دوای من ئەو گیانەتان هەبێ هەر کاتێ زانیتان ژمارەتان زۆر بووە و خۆراکتان لەکورتی داوە پێمباشە لەخۆمان ببوورین هەندێکتان لە پێناو مانەوەی ئەوانی دیکە خۆتان هەڵبدەنە ئاوەوە ، لێرەوە ئەوەتان پێ ڕادەگەیەنم ئەگەر من سەرکاربم دەبێ بیرکردنەوەم ئاوابێ و بەکردەوەش ئەو ڕاستییەتان بۆ دەسەلمێنم. ببینن بزانن چی دەکەم، ئێستا خۆم لە پێناو ئێوە بەخت دەکەم و خۆم دەخەمە ئاوەوە.

ڕووی خۆی وەرگێڕا بە ڕاکردن بەرەو کەناری دەریایەکە ڕۆیشت تا خۆی هەڵداتە ئاوەکەوە،بەڵام چەند مشکێکی لەو خێراتر گەیشتنە سەری و نەیانهێشت خۆی بهاوێتە نێو ئاوەوە.

وتیان : تۆ بەکردەوە بۆمانت سەلماند سەرۆکێکی بەوەفا و خەمخۆر و میهرەبانی بۆیە نابێ سەرکارێکی وەکو تۆ لەدەست خۆمان بدەین چونکە دووڕگەکەمان بۆ گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایش پێویستی بەکەسێکی وەکو تۆیە، نابێ تۆ بمری.

چەند مشکێك حیرس دایگرتن بە ڕاکردن خۆیان فڕێ دایە ئاوەکە و دواتر بەدەیەها مشکی تر خۆیان فڕێدا، هەمووان لە پێشبڕکێدابوو تا هەرچی زووە ئەوانیش خۆیان بکەنە قوربانی بۆ ئەویتر.

مشکی دانا بە دەنگێکی بەرزەوە پێی وتن: تکایە لێرە بوەستن من فەرمانتان پێ دەکەم چیترتان خۆی فڕێ نەداتە ئاوەکەوە ئەگەر وابکەین دیسان کەس لەم دوورگەیە نامێنێ، ئێستایش بایی ئەوەندە ماوە بتوانین لەو خۆراکەی هەیە بتوانین بەبێ کێشە و دزی و یەکتر کوشتن بیخۆین.

ئەو خۆراکەی لەبەردەست بووە هەموویان بە دادپەروەری دابەش کرد.

دروشمی ئەو مشکانە لەو ڕۆژەوە بۆ بەردەوام بوون لە ژیان ئەوەیە کاتێك هەست بکەن ژمارەیان زۆر بووە و ئەو خۆراکەی لەبەر دەستیانە بەشی هەموویان ناکات، تا هەموویان نەمرن و دزی و تاڵان باڵ بەسەریاندا نەکێشێ و یەکتر خۆ خۆر نەکەن، هەندێك لە مشکەکان بۆ بەردەوامی ژیانی کۆمەڵەکەیان خۆیان دەکەنە قوربانی ئەوانیتر..

* * *

**بەرمۆدە :دوورگەیەکە دەکەوێتە کیشوەری ئەمریکا**

# پیلانی گورگ



هۆ...كاكی خۆم دەمەوێ گوێم بۆ شلكەن وا بۆتی دەگێڕمەوە و دەڵێن:

كەروێشكێك هەبوو، ڕۆژێكیان لەبرسێتی خۆی لەناو دارستاندا داهات و دەچوو، دەگەڕا شتێك بدۆزێتەوە بیخوات، چەند گێزەرێكی دۆزییەوە و خواردی.

گورگێكی لەڕ و لاواز كاتێ چاوی بە كەروێشكەكە كەوت، سەیری كرد شوێنەكەی هی ئەوە نییە پەلاماری بدات چونكە بە نزیك بوونەوە و هەر خشپەیەك یەكسەر ڕادەكات و لەدەستی قوتاری دەبێت، بیری كردەوە چۆن ڕاوی بكات، یەكسەر ئەوەی بەخەیاڵ داهات بچێتە نزیك لانەكەی و خۆی لێ مەلاس بدات هەر كە گەڕایەوە بەئاسانی پەلاماری بدات و بیگرێ.

كەوتە چاوەڕوانی و كاتێ كەروێشكەكە نزیكی لانەكەی بۆوە ئاگای لەوە نەبوو گورگەكە خۆی لێ حەشارداوە، هەر هێندەی زانی لەناكاو یەكێ پەلاماریدا و گرتی و خستیە نا تووره‌گەیەكەوە.

کەروێشکەکە لەناو توورەگەکەوە کەوتە قسە وتی: تۆ کێی؟ من تاوانم چییە؟چیم کردووە؟ بۆ دەمگری؟

گورگەکە بە پێکەنینەوە وتی: منم مام گورگ، منم تۆم گرتووە چونکە پارووی‌ەکی چەوری، بەڵام چونکە جاریٚ برسیم نییە دەتبەمەوە ماڵ دواتر دەتخۆم.

کەروێشکەکە زانی هەرچییەك بکات هیچی پیٚ ناکریٚ و توانای ئەوەی نییە خۆی لەدەستی ڕابپسکێنیٚ و هەڵبیٚ، بیری کردەوە چۆن خۆی لەدەست ڕزگار بکات، بیرۆکەیەکی بەمێشك داهات وتی: ئەی گورگ دەزانم پاڕانەوە لەگەڵت بیٚ سوودە تا ئازادم بکەیت، هەروەها دەزانم دەرەقەتت نایەم تا بتوانم خۆم لەو توورەگەیە دەربکەم و ڕابکەم، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم من لەناو ئەم توورەگەیە خەریکە تەنگەنەفەس دەبم ها بزانە بوورامەوە، ئەگەر بشبوورێمەوە و تۆش گۆشتەکەم بخۆی یەکسەر گەڕ دەبیت ئیتر تا دونیا دونیایە چاك نابیتەوە، ئەوجا بەقسەم دەکەی ناکەی کەیفی خۆتە.

گورگەکە دیسان دایە قاقای پێکەنیِن و وتی: لەژیانمدا ئەوە یەکەم جارمە شتی وا ببیسم، ئەگەر بتەویٚ بەو فێڵە لەدەستم ڕزگارتبیٚ، خەیاڵت خاوە.

کەروێشکەکە وتی: ئەوە من قسەی خۆم کرد و بزانە دواتر چۆن لێوی پەشیمانی دەکرۆژی و پەشیمانیش دادت نادات.

گورگەکە توورەگەکەی سەرشانی بردە ماڵەوە و لە سووچێکەوەی دانا، نەختیٚ بەدیارییەوە دانیشت، گوێی هەڵخست هەستی بەهیچ

جووڵەیەك نەكرد، ختووورەی ئەوەی بەمێشك داهات ڕەنگە كەروێشكەكە بەهۆی ئەوەی توورەگەكە هەوا نادات لەهۆش خۆی چووبێت و بوورابێتەوە.

سەری توورەگەكەی كردەوە و دەریكرد، كەروێشكەكە ئەوەی جووڵەیە نەیكرد، گورگەكە لەبەر خۆیەوە وتی: واباشە بچم لەو ڕووبارەی بەرەوە نەختێ ئاو لەو گۆزەیە بێنم و بگەڕێمەوە نەختێ ئاوی بەدەم و چاودا بكەم تا بێتەوە هۆش خۆی، كێ دەڵێ قسەكەی وانییە خۆ من بەو حاڵەوە بیخۆم گەڕ و گولێ نابم، ئەو كات قوڕی كێ بكەم بەسەری خۆما و تا دونیا دونیایە بە گەڕی دەمێنمەوە.

گورگەكە لەبەر مشەوەشیان لەبیری ئەوەدا نەبوو بەشتێ كەروێشكەكە ببەستێتەوە، بە پەلەپرووزێ گۆزە ئاوەكەی دەست دایێ و بەرەو ڕووبارەكە شۆڕ بۆوە، كاتێك بەخۆ و دەستی گۆزەی ئاوەوە هاتەوە تەماشای كرد كەروێشكەكە نەماوە و ڕایكردووە، گۆزە ئاوەكەی لەدەست بەربۆوە، شكا و لەبەر خۆیەوە وتی: ئاااى كە گێل بووم بزانە چەند بەئاسانی هەڵیخەڵەتاندم هەرنا دەبوو ئەگەر تا دەچووم ئاوم دێنا و دەهاتمەوە، باشتر وابوو بمبەستایەتەوە هەتا ڕانەكات، ئەوەش بۆ من بووە پەندێك تا لەمەودوا هەڵەی وا دووبارە نەكەمەوە.

*　　*　　*